# حزبی شیوعی‌و گەمەی هەڵبژاردن

ئاسۆ

دەمێکە ئێمە باس لە دروستبونی ڕای سێهەم دەکەین لە کوردستان وە ئومێداواربووین کە هێزی سێیەم لە کوردستاندا دروست ببێت لە سەرەتادا چاوەڕوان بوین کە هێزێکی سیاسی بەبەرنامەو کارو پرۆژەی نوێوە خۆی تەرح بکات‌و هەمووومان دەنگی بۆ بدەین لەوڕێگایەوە کۆتای بەو کێشە گەورانە بهێنین‌و لە ففتی بە فیفتی ڕزگارمان بێت, بەڵام ئەو هێزو حزبانەی کە لە ساحەی سیاسی کوردستاندان نەك نەیان توانیەوە ببنە هێزی سێهەم بەڵکو هەمیشە پاشکۆی سیاسەتەکانی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بوون‌و هەمیشە لەبەر دەرگای ئەم دوو حزبەدا دەستیان پان کردۆتەوە بۆ ئەوەی خێریان پێ بکرێت لە هەموو دونیادا حزبی سیاسی دەبێت خاوەن ئیرادەو سیاسەتی خۆی بێت بەڵام لای کورد ئەمە پێچەوانە بۆتەوە ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات وەك یەکن‌و ئەوەی شەوێك لە میدیای دەسەڵاتەوە باس دەکرێ شەوی دوایی لە میدیی حزبی ئۆپۆزسیۆنەوە بێ سێ‌و دووستایشی دەکرێت لەم سەرو بەندی هەڵبژاردنەدا هیوایەکمان هەبوو کە حزبەکان بتوانن بە لیستوو کارو پرۆژەی جیاوازەوە دابەزنە نێو ساحەی هەڵبژاردنەکانەوەو بتوانن لەنێو پەرلەمانی کوردستان دەنگیان هەبێت بەڵام بە داخەوە هەر کەیەکێتی‌و پارتی بڕیاریان دا بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنی کورستان بکەن وەبەڕێکەوتن زۆربەی کورسیەکانی پەرلەمانیان لەنێو خۆیاندا دابەشکرد کە لەبەر ئەوەی هەڵویست وەربگرن‌و ڕازی نەبن بەوەی کە یەکێتی‌و پارتی بەبێ مومارەسەی دیموکراتیانە کورسی پەرلەمان دابەش بکەن کەچی زۆر عاقڵانەو گوێرایەڵانە ستایشی ئەو هەڵوێستەیان کردوو خۆیان وتەنی شوکری خوایان کردکە کورسیان بەرکەوتووە وەك یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی جزبێك ووتی گرنك بەلای ئێمەوە کورسی نی‌یە گرنگ ئەوەیە یەکێتی‌و پارتی یەك لیستن‌و ئێمەش ئەوەمان دەوێت ئێمە بە هەڵبژاردنیش یەك کورسیمان بۆ بە دەست نایەت ئێستا دوانیان بۆ داناوین زۆریشیان زیادە, ئەبوتارا ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان لە دیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی نێوەندا دەڵێت ئێمە لە سەرەتاوە لەگەڵ لیستی هاوبەشداین وەسیاسەتی ئێمە لیستی هاوبەشە بەڵام ئەم لیستەهاوبەشەی (ی.ن.ك) (پ.د.ك) فیفتی بە فیفتی‌یە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا فیفتی بە فیفتی دیموکراسیانە بۆ بەشدار دەبن لە وەڵامدا ئەڵێت سیاسەتمان لیستی هاوبشە بەشداری دەکەین وە ڕەخنەشی لێدەگرین چونکەبەشەکەمان کەمە بەڵێ حزبی شیوعی کورد وتەنی هەم لە ناڵ ئەداو هەم لە بزمار چونکە ئەم پارتە کۆمۆنیستە ئەو ڕاستی‌یە باش دەزانێ کە خاوەن جەماوەر نیەو دووای زیاتر لە (40) ساڵ سیاسەت تازە بە خێری یەکێتی‌و پارتی ڕازی دووای ئەو هەموو ساڵە لە کارکردنی سیاسی دەبوو خاوەن هێزێکی

وەها بوایە کە بیتوانیایە لانی کەم جورئەتی ئەوەی بکردایە کە بە لیستی خۆی دابەزیایە بەڵام حزبی شیوعی زۆر لەوە دڵنیایە کە توانای بەدەستهێانی تەنها کورسییەکیش نییە بۆیە هەموو ئامانج‌و کارکردنیان لە پێناوی ئەوەدا بوو کەیەکێتی‌و پارتی لیستی هاوبەش دروست بکەن تا ئەوانیش لە سایەی پارتی‌و یەکێتی‌دابتوانن شتێکیان دەست بکەوێت ئیتر خەڵکی نارازی بێت یان نا گرنگ بەلایانەوە دەسکەوتەکانیانە وەك باسیشم کرد  دووای مێژوویەکی دورو درێژ ئەم حزبە لە دەرەنجامی پاشکۆبونیان نەیان توانیەوە ببنە هێزی فشارەوە دڵنیاشم کە ئەو سێ ئەندام پەرلەمانەیان لەئایندەدا لەنێو پەرلەماندا جگە لە موچە خۆرێك زیاتر هیچی تر نابن بەقسەی خەڵکی سلێمانیش ئەگەر حزبی شیوعی لەباتی سیاسەتکردن پەڵپینەی ئاوبدایە ئێستا سورە چنار بوو ئیتر رەوایە کە نووسەرو ڕۆشنبیران ڕەخنەی ئەم حزبانە بکەن کەبەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە خەریکی خۆ لەوەراندن‌و تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی  رۆژانە ئیشقاقیان تێدەکەوێ‌و راستی لە سەر یەك دەڵێن کە چۆن لە ناوەوە گەندەڵ بوون‌و خەریکی وەرگرتنی پارەو ئیمتیازن لە یەکێی‌و پارتی لەوەش سەیرتر ئیزدواجیەکەیان کە لە قسەکانی ئەبو تارا دەردەکەوێت دەڵێت ئەم لیستی هاوبەشە دیموکراسی نییە رەخنەی لێدەگرێ‌و کەچی بەشداریشی تێدا دەکات.